سیاسەتی تورکیە و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان

کامیل چاپاش

دوابەدوای پەسەند کردنی گەلاڵە بریاری بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پارلەمانی تورکیە بە بیانووی بوونی پ ک ک لەو هەرێمە، هەراییکی زۆری لە ناوچەکە نایەوە، بەشێوەیێک کە بووە کێشە و مەسەلەیێکی نێودەوڵەتی و هەر بە دوای ئەو مەسەلەیش چەندین ئاڵ و گۆری تر هاتنە مەیدان. شتێك کە جێگەی تێرامان و پرسیارە ئەوەیە کە بۆ چی ئەو مەسەلەیە لەنێستا دا ئاوا گەورە کراوەتەوە؟ لە کاتێك دا کە ئەوە ماوەی ٢٣ ساڵە پەکەکە و دۆزی رەوای کورد لە کوردستانی تورکیە بە جیددی لە رۆژهۆی کاروباری دەوڵەتەکانی تورکیە دایە و بەردەوام بەرخوردی نیزامی و کێشەی جۆراوجۆر لەئارا دابووە. بە چاو خشاندنێك بەسەر ئەو مەوزووعە دوو جۆر هەڵسەنگاندن و روانگە دەکەوێتە بەرچاو روانگەیێکی گەشبینانە و روانگەیێکی تر تا رادەیێك رەشبینانە. بە هەر حال خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا هەڵوێست و بریارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەرکام لە حاڵەت و پێشهاتەکانە و وەڵامی ئەو پرسیارە کە بە هاتنە پێشی ئەو نەوعە رووداوانە دەبێ چ بکرێت؟

روانگەی یەکەم:

لە روانگەی گەشبینانەوە وا دەردەکەوێ کە مەبەستی ئەمجارەی دەسەلاتدارانی تازەی تورکیە دان نان بە مافی کورد بێت، هەڵبەت بە دانی باجێکی کەمتر. هەموو لەبیرمانە رەجەب تەیب ئوردوغان سەرۆکی حیزبی عەدالەت و گەشەپێدان لەسەرەتای هەڵبژاردنە گشتیەکان لە تورکیە سەردانی دیاربەکری کرد و لەوێ بەئاشکرا باسی لە زۆڵم و غەدرێك کرد کە سەبارەت بە کورد کراوە و هەر لەوێ بەڵێنی دا کە مافی کلتووری و کۆمەاڵیەتی کوردان بدا. رەنگە ئەو قسانە بە سەرنجێکی سەرتایی وەك پێویست نەکەونە بەرچاو، بەاڵم ئەگەر بێین و لەگەڵ هەڵوێستی حێزبە نەژادپەرست و باقی حیزبەکانی تر لەتورکیە بەرانبەر بە کورد هەڵیسەنگێنین دەبینین کە ئەوەندەش بێ نرخ نین، پرۆپاگەندەکانی حیزبی عەدالەت و گەشە پێدان بووە هۆی ئەوە کە لە هەڵبژاردنەکان زیاترین دەنگی لە هەرێمە کوردنشینەکان هێناوە. بۆ وێنە لەشارێکی وەکوو دیاربەکر حیزبی داد و گەشەپێدان (Akp) ٦ ئەندام پەرلەمانی هەیە لە کاتێك دا کە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك (DTP) کە حیزبێکی کوردیە تەنیا ٤ ئەندام پەرلەمانی لەو شارە هەیە.

لەو روانگەوە، رەجەب تەیب ئوردوغان و حیزبەکەی چۆنە دەیانهەوێ مافی کوردەکانی نێشتەجێی تورکیە بدەن دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ چەندین هۆ، یەکەم ئەوەیە کە هەر وەك چۆن زۆرێك لە لێپرسراوانی تورك نیگەرانیان دەربڕیوە لەوەی کە کوردستانی عێراق خەریکە بیچمی ستاتۆێکی سەربەخۆ، بە بوونی ئاڵا و فرۆکەخانە و پارلەمان و سەرۆکی حکوومەت و هتد... بە خۆوە دەگرێ. ئەوە واقعێیەتێکە کە کوردستانی باشوور بۆتە وەزنەیێکی بەرچاو لە ناوچەکە دا و نێستا زۆرێك لە وەاڵتانی جیهان خەریکن لەباری ئابووریەوە سەرمایەگوزاری و لەباری سیاسی و دیپلۆماسیەوە بە دانانی کونسوڵخانە لە کوردستان پێوەندی گەرم و گور دادەمەزرێنن. ئەو واقعیەتەش لە لایەن دەسەاڵتدارانی نێستای تورکیەوە سەلمێنداوە، یەکەم بە دەربرینی نیگەرانی و دووهەم بە هەرەشە و مەترسی دروست کردن بۆسەر قازانجەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە حیزبی دەسەاڵتدار دەزانێ هەتا درنگتر لە بیری ریگەچارەیێکی گونجاو بو چارەسەر کردنی مەسەلەی کوردەکانی خۆی دابێ کێشەیێکی گەورەتر لە داهاتوو دا بۆ ئەو وەاڵتە دروستەدەکات، بۆیە رێی تێ دەچێ، حیزبی حاکمی تورکیە لە ئەنجامی بیروارگۆرینەوەیێکی زۆر و بە ناچاری بەدانیشتن و گفتگو لەگەڵ پەکەکە لەبیری دانی کۆمەلێك لە مافەکانی کورد لەتورکیە دابێت هەڵبەت کەمتر لەوەی نێستای کوردەکانی باشوور هەیانە. بەو شێوەیە کێشەی کورد و پەکەکەش کە هەمێشە لەسەرەوەی کێشە و گرفتەکانی تورکیە دابووە چارەسەر دەکرێت و لە هەل و مەرجێکی ئاوادا لەو دەسەاڵتە زۆرەی ئەرتەش و ژنرااڵکانیش هەیانە کەم دەبێتەوە. چونکە بوونی پەکەکە و شەر وا دەکا دەسەاڵتی ئەرتەش لە جێی خۆی دا بمێنێ. دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری حیزبی عەدالەت و گەشەپێدان ئەرتەش لەتورکیە دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و بردنەوەی حیزبی عەدالەت بوو. یەکێکی تر لە هۆکان ئەوەیە کە حیزبی عەدالەت و گەشەپێدان تامەزرۆی چوونە ناو یەکێتی ئوروپایە و لەپێوەندییەش دا هەوڵێکی زۆر دەدا، بەاڵم بێگومان هەتا مەسەلەی کوردەکانی تورکیە ئاوا بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە تورکیە هەرگیز خۆی لە یەکێتی ئوروپا نابینێتەوە. ئەو ووتەیەش کە "رێگای هاتنە ناو یەکێتی ئووروپا لە دیاربەکرەوەیە" تا رادەیەکی زۆر مەوزووعەکەمان بۆ روون دەکاتەوە.

لێرەدا با بێینەوە سەر ئەو پرسیارەی کە لەسەرتاوە باسمان لێکرد، ئەو کێشەیە بۆچی بەم شێوەییە لە لایەن دەسەاڵتی نێستای تورکیەوە گەورە کراوە؟ بە ئەگەرێکی زۆر لەبەر ئەوەی کە خۆی دەرقەتی ئەرتەش و هێزە شوڤینیزمەکان و تا رادەیەکیش بیرورای گشتی ناو تورکیە نایە، بۆیە پێویست بوو کێشەکە گەورە بکرێتەوە و پێی ئەمریکاش راکێشرێ بۆ ناو مەوزوعەکە، تا لە ئاکام دا بە رێگەچارەیێکی ئاشتیانە هەر ئەو جۆرەی کە حیزبی ئوردوغان بیری لێ دەکردەوە مەسەلەکە چارەسەر بکرێ و بەم شێوەیە ئەرتەش و هێزە تووندرەوەکان دەم کوت بکرێن و ئوردۆغانیش بە مەبەستەکانی بگا و رێگا بۆ درێژەدان بە چاکسازییەکانی خۆش بکرێت.

روانگەی دووهەم:

لە روانگەی دووهەم کە هێندێك رەشبینانەیە، دەبێ چەندین مەوزووع بخەینە پێش چاومان. یەکێك لەو مەوزووعانە نفوز و هێزی لەرادەبەدەری بیری رەگەزپەرەستی لە نێو تورکەکان دایە، دیارە باس لە هێزێك دەکەین کە کاریگەری زۆری لەسەر ناوەندە بریاردەرەکانی تورکیە هەیە. بیری تووندرەوی و رەگەزپەرەستانە لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی وەاڵتی تورکیە رەنگی داوەتەوە. هەروەها لە قانونی بنەرەتی وەاڵت و مادەی ٣٠١ بە ئاشکرا باس لە مەزنایەتی نەتەوەی تورك و تەنانەت بە سووك زانین و بە کەم زانینی ئەو نەتەوەیە لە تورکیە بە سووچ و تاوان دەژمێردرێ. خاوان بیرانی روانگەی دووهەم لەسەر ئەو باوەرەن کە تورکیە مەبەستی سەرەکی لەلەشکرکێشتی سەقامگرتووی باشووری کوردستان و لەئەنجام دا موعامەلەکردن لەسەر شتێك کە خۆیان خۆڵقاندیان و هەرێمی کوردستان لێی بێ ئاگا بوو.

هەڵوێستی هەرێمی کوردستان

بەداخەوە بە هۆی هێندێك هەل و مەرجی نالەبار و رووداوی نەخوازراو کە بە درێژایی مێژوو گەلی کورد دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردووە و کاریگەرییە مەنفیەکانی ئەو بارودۆخانە هەتا نێستاش لەسەر باری سایکۆلۆژی و دەرونی تاك تاکی کورد تەئسیری خراپی داناوە و تەنانەت کاری کردۆتە سەر سیاسەتوانانی کورد.

لە جەریانی ئەو مەوزوعە، هەڵوێستی دروستی کاك مەسعود بارزانی بۆ بەرپرچ دانەوەی ئەو هەرەشانە کە دەکرێنەسەر هەرێمی کوردستان بوێرانە بوو، بەاڵم زۆری پێ نەچوو کە هەڵوێستی لاوازیش پەیدابوون کە سەرچاوەی لە دڵەراوکێی درێژەکێشانی ئەو کێشەیە بوو. ئەگەر بە وردی لەسەر گرینگی و وەزنی باشووری کوردستان راوەستین و قورسایی کوردستان لە موعادەلاتە نێودەوڵەتیەکانمان بۆ ئاشکرا بێ، هەرگیز هەوڵێستی لاوازمان نابێ و بە بروایێکی بەهێز و قایمتەوە موعامەلە لەگەڵ کێشەکانمان دەکەین. رەنگە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو هەڵوێستانە بڵێین سیاسەت بە سۆز و عاتیفەوە ناکرێ، بەڵێ ئەو قسەیە دروستە، مەبەست لەو ووتارەش لایەنگری لە پەکەکە و بەربی کردنی لە ئیراد و هەڵە نییە. هەروەها ئەوە ئاشکرا و روونە کە هەرێمی کوردستان بەشێك لە وەاڵتی عێراقە، بەاڵم ئایا لە کاتێك دا کە حکوومەتی بەغدا تەنانەت ئەمنیەت و ئاسایشی بەشێك لە گەرەکەکانی بەغدای بۆ ناپارێزرێ و کوردەکان دەبێ رۆڵەکانیان رەوانەی شارە عەرەب نشینەکان بکەن ئایا دروستە کە بەرپاری کۆتایی و چارەنووس ساز بسپێردرێ بە ناوەند، ناوەندیش زۆر سەخاوەتمندانە موعامەلە لەگەڵ تورکیا دا بکا؟ سەرەرای ئەوەش لە دەسەاڵتی ناوەندیش کەسانی وایان تێدایە کە نزیکن لەرژیمەکانی دەوروبەر، بە تایبەت رژیمی ئاخوندی ئێران.

کردەوەکانی دوایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی بۆ رازی کردنی حکوومەتی تورکیە بوو، بەاڵم بێگومان هەستی شوڤینیزمی و رەگەزپەرەستی دەسەاڵتدارانی تورکیە هەرگیز بەو شتانە تێر نابێ و بەردەوام لە هەوڵی فشاری زیاتر بۆسەر حکوومەتی کوردستان دا دەبێ، دەبێ یەکجار و بۆ هەمیشە لەبەرانبەر ئەو هێزە پاوانخواز و دژە کوردانە راوەستین و پێیان بگووترێت ئیتر بەسە، ناعەدالەتی و پێشێل کردنی بریارە نێودەوڵەتی و یاغیگەرییەکان بەسە. ئەویش بە پشت بەستن بەو سەرمایە عەزیمەی کە تەواوی جیهان دانی پێدانراوە و خۆشمان لێی ئاگادارین. بەو شێوەیە دەتواندرێ ئیشتیای لەبران نەهاتووی رژیمەکانی ئێران و تورکیە و سوریە ووشك بکرێت و پێیان بسەلمێندرێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزنەیە و دەبێ رێزی بۆ دابندرێ.

تاوانبار کردنی حسین موسەوییان بە جاسوسی، بەرز بوونەوەی شەڕی دەسەاڵت لە ئێران دایە

موحسینی ئێژەیی وەزیری ئیتلاعاتی رژیمی ئاخوندی رۆژی چوار شەمە ٢٣ی خەزەڵوەر لە پێوەند بە تاوانەکان بۆ سەر حسین موسەویان، ئەندامی بەرزی هەیئەتی ووتوێژەکانی ناوکەیی رژیم لە ڕابردوودا گوتی: بە بۆچوونی وەزارەتی ئیتلاعات تاوانی حسین موسەویان ئاشکرا و بەڵگەدارە و ناوبراو لە سەرەتاوە زانیاریەکان و مەسەلە پێوەندی دارەکان بە گەاڵڵە ئەتۆمیەکانی داوە بە بێگانەکان، و سەفارەتی ئینگلستان. ناوبراو کە لەگەڵ هەواڵنێران قسەی دەکرد، لە پێوەند بە کاریگەری لەسەر پەروەندەی موسەویان کە لەوە پێش لەلایەن ئەحمەدی نژادەوە باس کرا بوو، گوتی دەست خستنە ناو پەروەندەی موسەویان بۆ بێ گوناح نیشان دانی ناوبراوە نەك بۆ تاوانبار کردنی، بەاڵم هومێدوارین لە پەروەندەی موسەویان ئەو دەست تێوەردانانە کۆتایی پێ بێ. حسین موووسەویان جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمنیەتی نەتەوەیی لە دەوڵەتی ئاخوند خاتەمی بوو کە لە مانگی خەرمانانی ئەمسااڵدا بە تاوانی پێوەندی بە بێگانە و ئاڵ و گۆڕی زانیاری لەگەڵ بێگانەکان زیندانی کرا، بەاڵم لە دوای چەند رۆژ بە زەمانەتی دووسەد ملیۆن تمەنی ئازاد کرا. ناوبراو لایەنگری ئاخوند هاشمی رەفسەنجانیە کە سەرۆکی کۆمەڵی قازانجەکانی رژیم و سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگانە، موسەویان لەلایەن ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری رژیم، وەك یەکێك لە خائینەکان بە پەروەندەی ناوکەیی ناسێندراوە. مەحمود ئەحمەدی نژاد، رایگەیاندوە، ژمارەیێك قازی پەروەندەیێك کە لە پێوەند بە خەیانەتەکان بە گەاڵڵەی ناوکەیی دروست کراوە، خستوتە ژێر کاریگەری خۆیان، تا تاوانباران بە جاسوسی بە بێ تاوان دەرچن. کاتێك ئەحمەدی نژاد ئەو قسانەی دەکرد، حسین موسەویان بۆ یەکەمین جار لە دوای ئازاد بوونی لە کۆبوونەوەیێکی گشتی لە نزیك هاشمی رەفسەنجانی و حەسەنی رووحانی دانیشتبوو. قسەکانی ئەحمەدی نژاد لە پێوەند بە پەروەندەی موسەویان بووە هۆی ئەوەی عەلیرەزا جەمشیدی، ووتەبێژی دەستگای قەزایی بێتە دەنگ و بەرپەرچی ئەحمەدی نژاد بداتەوە. جەمشیدی گوتی: ئەو نەوعە پەروەندانە، پەروەندەی نەتەوەیین و قازی ئەو پەروەندانە کاری خۆیان باش دەزانن و بڕیاردانی دەستگای قەزایی بە پێی قانوون و سەربە خۆیی قەزایی دەردەچێ و هیچ فشارێك کاریگەری نیە لە سەری. جەنگی دەسەاڵت لە رژیمی ئاخوندی لە چەند رۆژی ڕابردوودا گەیشتۆتە بەرزترین رادەی خۆی و ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری رژیم رۆژی دوو شەمە ٢١ی خەزەڵوەر لە دانشگای زانیست و پیشەسازی تارن، رایگەیاند، ئەگەر کەسانێك لە ناوخۆدا لە پێوەند بە گەاڵڵە ناوکەییەکان دوور نەکەونە و دەست تێوەردانەکانیان کۆتایی پێ نەهێنن بە خەڵکی ئێران دەناسێندرێن. ئەحمەدی نژاد ئەو کەسانەی بە خائین ناساند و بە زمانی هەرەشە نەیارانی خۆی لە دەسەاڵتداری رژیم تاگادار کردەوە و گوتی ئێمە پاشەکشە ناکەین و هەروا تەماشا ناکەین. ئەحمەدی نژاد بە ناوی خەڵکی ئێرانەوە گوتی میللەتی ئێران رێگە نادا ژمارەیێك ئەفراد بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەاڵتی سیاسی و ئابووری تاوانباران لە تۆڵە سەندنەوەی خەڵك رزگار کەن. گومان لەوەدا نیە قسەکانی ئەحمەدی نژاد لە دانشگای (عیلم و صنعت) لە بەرانبەر ئاخوند رەفسەنجانی و هاوکارەکانیدا بوو، هەروەها قسەکانی موحسین ئێژەیی سەلماندنی سەر هەڵدانی شەڕی دەسەاڵت و پەیدا بوونی ناکۆکی بەرین لە دەسەاڵتداری ئاخوندیدایە. ئەگەر چی ئاخوند خامنەیی هەوڵ دەدا کۆتایی بە ڕوو بە ڕوو بوونەوەکان و شەڕە فراکسیون و شەڕی دەستە و تاقمەکانە لە دەسەاڵتدا بێنێ، بەاڵم بە سەرنج دان بەوەی کە لە زۆربەی باسەکان و بۆنەکاندا پشتیوانی لە ئەحمەدی نژاد دەکا، بەشێك لە نەیارانی ئەحمەدی نژاد خامنەیی بە بەرپرسی باندی ئەحمەدی نژاد دەزانن نەك وەك کەسێکی ناوبژیکەر. بەو وەزعەی کە دەبێندرێ و بە زۆر هێنان و فشارە جیهانیانەی لە بەرانبەر رژیمدا هەیە و بە ئابلوقەکانی ئەمریکا و وواڵتانی ئوروپایی و هەروەها ئەگەری بڕیارنامەی سێیەهم لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە داهاتوودا بەرەو سەر چوونی هەاڵوسانی ئابووری، بێکاری و گرانی لە ئێران، هەل و مەرج بۆ دەسەاڵتداری ئاخوندی گرانتر و نالەبارتر لە هەر کاتێکی دیکە دەبێ. بە بوونی کێشە و ناکۆکی قووڵ لە نێوان دەستە و تاقمەکانی رژیم و ئیعتزازاتی جەماوەری لە داهاتوودا شاهیدی ئاڵۆزی زیاتر لە دەسەاڵتداری ئاخوندیدا دەبین کە ئەو ئاڵۆزی و نارەزایەتیە جەماوەریانە، لە ئاکامدا دەسەاڵتی ئاخوندی بەرەو تەریك خستنەوەی زیاتر و رووخان دەبا.